
هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی:

# گرووپی کیژانی سلێمانی کۆنسێرت لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان ئەنجام دەدن



ئافرەتانی کورد دەمێکە شان بەشانی پیاوان بەشدارییان لە کاری هونەریدا کردووە و توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن و تا ئێستاش ناویان درەوشاوەیە لەم مەیدانە، بەڵام بەشێوەی گرووپ یان تیپ نەبوون یان ئەگەر هەبووین وەکو پێویستی نەبووە یان نەیانتوانیوە بەردەوام بن ودرێژە بە کاروانی هونەرییان بدەن، گروپی کیژانی سلێمانی بەسەرپەرشتی مامۆستای هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی لە کۆمەڵێك کچی هونەرمەندی بەتوانا و لێهاتوو پێکهاتووە و تا ئێستا چەندین چالاکی هونەریی جیاجیایان پێشکەش کردووە و ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەم گروپە لەسەر بانگهێشتی پارێزگاری هەولێر بەرێز نەوزاد هادی سەردانی شاری هەولێری کرد و ئاهەنگێکی گۆرانییان بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری هونەر دۆست ساز کرد، بۆیە بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتیاری گرووپەکە بکەین ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



گرووپی کیژانی سلێمانی

*** دوایین کار و چالاکییەکانی خۆت چین کە ئێستا یاخود باشتر بڵێین بەر لە هاتنی مانگی پیرۆز خەریکی بوون یان دوای ئەم مانگە تەواوی دەکەن؟**

- پێش مانگی ڕەمەزان هیچ کارێکی وا نەبووە لە ئارادا جگە لە ئامادەکردنی بەرنامەی ئاینی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – کەناڵی سلێمانی، هەروەها ئامادە کردنی دە بەرهەمی هونەری بۆ گرووپی کیژانی سلێمانی کە دوای جەژن کاریان تیادا دەکەین، بۆ دوای جەژنیش دانانی مۆسیقای زنجیرەیەکی تەلەفزیونییە کە خۆی لە ٢٠ ئەڵقەدا دەبینێتەوە سەبارەت بە ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانیش خۆ ئامادە کردنە بۆ وەرزی نوێی خۆی لە مانگی تشرینی یەکەمدا.



*** بەر لە دامەزراندنی گروپی کیژانی سلێمانی یاخود با بڵێین بەر لەوەی بە پراکتیك دەست بە کاربن ئێوە دڵنیا بوون لەوەی ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم گرووپە ئەوەمان براندووەتەوە کە بە هەر نرخێك بێت دەبێت ئەم گرووپە بەردەوام بێت بەردەوامیشی پابەندە بە خۆشەویستی ئەندامەکانی بەو گرووپەوە واتە هەموویان ئەوەیان سەلماندووە کە بە یەك دڵ هاریکاری یەکتر بن ئەمانە هەمووی لە سەرتاوە تا ئێستا زامنی سەرکەوتن و بەردەوامی ئەم گرووپەیە بە تایبەت خۆدۆزینەوەی هەندیك کە لێرەدا دەرفەتی لە بارترە بۆ کاری هونەری جا چ بواری موسیقا بێت یان بواری گۆرانی وتن بۆیە لە هەمە ڕەنگ لە کیژانی گرتووەتە خۆ لە فەرمانبەر و خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگەکان و خاوەن پیشە و دەرچووانی زانکۆ و یان تییاندایە خێزاندارە و خاوەنی چەندین منداڵە.

*** بەر لە ماوەیەك گروپی کیژانی سلێمانی سەردانی هەولێری کرد بە بانگهێشتنی بەڕێز پارێزگاری هەولێر، دوای ئەوە چالاکییەکانی کیژانی سلێمانی چی بوون؟**

- ئەم گرووپە کاتی دەست نیشانکراوی هەیە بۆ نمایشەکانی ئەوە نییە هەر ڕۆژە و نمایشێك بکات بە ڵکو بەرنامەی خۆی هەیە بۆ نمایشی وەرزەکانی، بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی بەتایبەت گرووپی کیژانی کوردستان دوای جەژنی ڕەمەزان کۆمەڵە بەرهەمێکی نوێی بەرێوەیە بۆ تۆمار کردن.

*** ئێستا کیژانی سلێمانی دیاردەیەکی تا رادەیەکی زۆر بێ وێنەیە لە کوردستان، ئێوە هەوڵتان نەداوە یارمەتی هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستانیش بدەن بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو بنێن ؟**

- ئەم کارە کە لە شاری سلێمانی ئەنجاممان داوە خۆ گەر شارەکانی تریش هەنگاوێکی وا بنێن ئێمە پشتگیریان دەبین، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە کیژانی ئەو شارانە دەتوانن بڕیار بدەن بۆ دروستکردنی گرووپێکی هاوشێوە و بەرپرسانی ئیداری و هونەری شارەکان دەبێت پشتگیری لەم پرۆژە بکەن، ئێمەش هاریکاریان دەکەین بە پێی توانــاو کاتی گونجاو من هیوادارم کە لە شارەکانی تری کوردستان گرووپی جوان جوان و بە توانا دروست بکەن تا بتوانین هەنگاوی باش بنێین بەرەو پێشەوە.

*** تا ئێستا بەشداریتان لە چەند فیستیڤاڵی هونەری کردووە لە دەرەوەی کوردستان و ئایا هیچ بەرنامەیەك لە ئارادایە بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵی دیکە؟**

- تائێستا ئەم گرووپە سەرقاڵی نمایشی خۆیانن و بەشداری زۆر لە بۆنە نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانیان کردووە و پلانیش هەیە بۆ چوونە دەرەوەیان لە ساڵی داهاتودا گەر بوار بڕەخسێت.

*** ئایا دامەزراندنی ئەم گروپەی تایبەت بە ئافرەتانی بەهرەمەند هۆکارەکەی نەبوونی شوێنێك بوو بۆ ئەوەی ئەم کچانە بەهرەکانی خۆیان نیشان بدەن، یانیش هۆکارەکەی پێشکەش کردنی هونەرێکی ڕەسەن بوو بە دەنگی مێینە؟**

- ئەندامانی ئەم گرووپە لە گرووپی تردا شان بە شان لەگەڵ کوڕاندا کار دەکەن کەواتە هیچ گرفتێك نییە لەو ڕووەوە، بەڵام زۆر جوانیشە کە گرووپێك وەك کیژان هەمووژەنیارو گۆرانیبێژەکانی کیژ بن توانای واشیان تێدا بێت ئاواز دانەر بێت یان کارە هونەرییەکانی تریش بکات وا بزانم ئەمەش دیاردەیەکی زۆر جوانە لە ناو کۆمەڵدا کە کیژان دەتوانن خۆیان بسەلمێنن.

دوای جەژنی ڕەمەزان کۆمەڵە بەرهەمێکی نوێی بەرێوەیە بۆ تۆمار کردن

*** هەڵبژاردنی گۆرانییەکان بۆ خانمە گۆرانیبێژەکان جەنابتان دیاری دەکەن یان خۆیان داوا دەکەن؟**

- ئێمە لیژنەی هونەریمان هەیە بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێك لەو بابەتانەی پێشکەشی دەکەین جاری وا هەیە لیژنەکە پێشنیار دەکەن یان من یان ئاوازێکی منە یان هی یەکێك لە کیژەکان یان هی هونەرمەندێکی دەرەوەی گرووپەکە، واتە کارەکانمان بە پێی سیستەمێك دەخەینە ڕوو کە بە توانایەکی جوان و بەو ستایلەی کە گرووپەکە هەیەتی پێشکەشی بکەین.

*** زۆربەی زۆری ئەو بەرهەمانەی پێشکەشی دەکەن پێشتر وتراون،ئایا بەرهەمی تایبەتی کرووپی کیژانی سلێمانی کە گۆرانی نوی لە خۆ بگرێت کەی بڵاو**

دەبێتەوە؟

- وانییە زۆربەی زۆری ئەو گۆرانیانەی وتومانی ئەوانــە بن بەڵێ هەندێکی وایە، بەڵام بە شــێوازێکی جیــاواز وتراوەتەوە و گونجێنــراوە لەگەڵ ســتایلی گرووپەکەدا ئــەو بابەتانەش کە بەو جۆرە بن زیاتر ئاوازە فۆلکلۆرییەکانن کە هەمیشە بە هەمە جۆر ســتایل دووبارە دەبنەوە ئەمەش کارێکە زۆر ئاســاییە.گۆرانی نوێ نازانــم لاتان چی دەگەیەنێت؟ گەر ئاوازی تازە بێت ئەوە هەن یان ئاوازی تر بێــت لە بابەتی فۆلکلۆری میللی هەن، بەڵام ئەم گرووپەش پێویستی بە هاوکاری هەیە لــە ئاواز دانەرەکانەوە تا فرە ســتایل بتوانن لە شێوازی ئاواز بەرهەم بێنــن گەر، ئێســتاش خەریکین بۆ بەرهەم هێنانی cd یەکی تــازە کە کاری زۆری دەوێت بە تایبەت کە خەریکین ستۆدیۆیەك بۆ گرووپەکە دروســت دەکەیــن ئەو کاتە کارمان باشتر دەروات بەرێوە.

*** رەنگە لە وڵاتانی دیکە تاقیکردنەوەی لە شــێوەی گرووپــی کیژانی ســلێمانی هەبووبێــت، ئێوە هەوڵتان نەداوە ســوود لە ئەزموونی ئەوان وەر بگرن؟**

- بەڵێ رەنگە گرووپی تایبەت بە کیژان هەبێت لە زۆر وڵاتانی تر، بەڵام تا ئێســتا نموونەیەکمــان نەدیوە وەك ئــەم ئەزموونە زینــدووەی خۆمان بۆیە زیاتر لە ئەزموونی خۆمان ســوود وەردەگرین وبەرجەســتەی دەکەین خــۆ گەر شــتێکی دیاریش لەبەر چاو بێت ئەوە گومان نییە ســوود لە شتە جوانەکانیان وەر بگرین.

*** جگە لە کیژانی شاری سلێمانی هیچ کچە هونەرمەندێك لە شــارەکانی دیکەی کوردســتان یان لــە ناوچەکانــی دیکە و هەندەران پەیوەندی پێوە نەکردوون؟**

- پێخۆشــحاڵ دەبین گەر کەسانێکی بە توانا هەبن بتوانن لــە گەڵماندا کار بکەن، بەڵام میکانیزمی کارکردنەکە گونجاو نییە لەبەر هاتو چۆ و ژیان و زۆر شتی تر لە گەڵ ئەمەشدا ئەو تاقیکردنەوەمان لە گەڵ چەند کەسێکدا هە بوو بەڵام کێشەی ئامادە بوون و پرۆڤەکانی دەبوو بۆ یە ئەو کارە سەرکەوتوو نابێت،لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت گۆرانیبێژێك لە شارێکی ترەوە یان لە هەندەران هاوکاری بکەین لــە بەرهەمەکەیدا ئەوەیان لە بار ترە لەکاری مۆســیقاکە کە دەبێت بەردەوام لە پرۆڤەدا بێت،لەم دواییەدا هونەرمەند پەیمان عومەر هاتەوە لە وەرزێکی گرووپی کیژاندا بەشداری کرد بە ســەرکەوتوویی لەو جۆرە هاریکاریانە دەکرێت.

*** بەو حوکمەی سەرپەرشــتی گرووپی کیژانی سلێمانین،ئێســتا بوونی ئافرەت لە گۆرانی وتندا چۆن دەبینی؟**

- شــتێکی دیارو روونــە ئافرەتی کورد ئەمرۆ شان بە شانی پیاوان لە مەیدانەکاندا بەرێوە دەرۆن، لە بواری کاری هونەریشــدا هەمان دیاردە ئاشکرایە کە بە ئەندازەیەکی دیارو جوان ئامادەبوونێکی باشیان هەیە کە جێگەی رێزو دەستخۆشکەرییە و توانای زۆر بەرزیان تیادا دەرکەوتووە چ لە مۆســیقادا چ لــە گۆرانی وتندا گــەر بڵێم گەر بەم بەردەوامییــە برۆن رۆڵیان زۆر باشــتریش دەبێت.

*** زیندووکردنــەوەی گۆرانییەکانــی دەڤەرەکانــی دیکەی کوردســتان یاخود با بڵێین شــێوازی دیکــەی وەك کرمانجی تا چەند رەنگــی داوەتەوە لــەو کارانەی کە پێشکەشی دەکەن؟**

- لە هەوڵی ئەوەداین کە شێوازەکانی تری گۆرانی کوردی بە ســەر بکەینەوە ئەمەش کاری دەوێــت لــە زۆر رووەوە،بەڵام ئەمە تەنها گۆرانی وتن نییە بەڵکو تێگەیشتنە لەو شــێوازو میلۆدی ئــەو دیالێکتە واتە (فۆنەتیکی قســەکردن)کە دەبێت رەوان بێت و ماناکانی بــاش تێبگەن نەك وەك تووتی بیڵێنەوە و بێ هەست پێشکەشی بکەن، ئێمە لە بابەتی هەورامی مان پێشکەش کردووە و پەن بە خوا بە نیازین لە بابەتی کرمانجیش پێشکەش بکەین.

*** ئایا بەتەما نین لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان کۆنســێرت و ئاهەنگ پێشکەش بکەن؟**

- بۆ نا ئــەوە لــە پرۆژەماندایە، بەڵام جۆرێکیــش لە تایبــەت مەندێتی هەیە بۆ ســازدانی کۆنســێرت بۆ ئەم گرووپە گەر ئەوانە رەچاو بکرێن ئــەوا لە پرۆژەماندایە لە هەموو ناچەکانی کوردســتان کۆنسێرت بکەین تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش.

*** کێ پاڵپشتی گرووپەکەتانە؟**

- پاڵپشــتی ئەم گرووپە لە ســەرتاوە تا ئێســتا هەڤاڵ مام جــەلال و هێرۆ خانە لە گەڵ ئەمەشــدا ورەی ئەندامەکان کە زۆر پێیان داناوە لە ســەر بەردەوامی ئەم گرووپە و پاڵپشــتی جەماوەی ئەم گرووپە ئەمانە





**ئافرەتی کورد لە بواری کاری هونەری ئامادەبوونێکی باشیان هەیە**

ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# ئاسمان گۆشتی لێ ئەبارێ" زۆرترین تەماشاکەری لێ باریوە
# چوار فیلمی نوێ بەگوڕێکی زۆرەوە هاتونەتە نێو ململانێکە

وەك ئاشـــكرایە لەسینەماكانی ئەمەریكا بەگشـــتی، و ســـینەماكانی كالیفۆرنیا بە تایبەتـــی، فیلمی ئەنیمەیشـــن ڕەواجێكی زۆری هەیە، بینیشـــمان لەساڵەكانی ڕابرو بەشـــەكانی فیلمی "شـــرێك" گەیشتە ئەو قۆناغـــەی هەڵبژێـــردران بـــۆ وەرگرتنی خەڵاتەكانی ئۆســـكار، و تەنانەت بەشـــی دووەمـــی ئەو فیلمـــە بەكۆكردنەوەی ٤٤١ ملیـــۆن دۆلار بوە چـــوارەم فیلمی مێژوی سینەماكانی ئەمەریكا لەروی پەیداكردنی زۆرترین داهات.

ئـــەم هەفتەیەش فیلمێكی ئەنیمەیشـــن (ئاســـمان گۆشـــتی لـــێ ئەبـــارێ) "Cloudy With a Chance of Meatballs" توانی بەكۆكردنەوەی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دۆلار و تەنها لەماوەی ســـێ ڕۆژدا، ببێتە باشترین فیلمی ئەم هەفتەیەی سینەماكانی ئەمەریكا.

فیلمەكـــە لەچوارچێـــوەی كۆمیدیایە، و بـــاس لەرووداوێكـــی زۆر گرنگ دەكات بەیەكگەشـــتن و یەكترناســـینی پەنیـــر و ماكەرۆنە، لەكاتێكدا كەوا لەشارۆچكەیەك جۆرەها خـــواردن لە ئاســـمانەوە وەكو باران دەبارێت.

ئەم فیلمە لـــە دەرهێنانی "فیل لۆرد، و كریس میلەر،ە و دەنگەكانیش بیل هادێر، و ئانا فارێس، جێمس كان، ئاندی ســـامبێرج، بروس كامبێڵ، نیل پاترێك هاریس، و لۆریس جیرهام" تۆماركردوە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەكانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریكا بەپێـــی پەیداكردنی زۆرترین داهات:

١- (Cloudy With a Chance of Meatballs) ٣٠،٣٠٤ ملیۆن دۆلار، كۆی داهات ٣٠،٣٠٤ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٢- ((The Informant) ١٠،٤٦٤ ملیـــۆن دۆلار، كـــۆی داهـــات ١٠،٤٦٤ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٣- (I Can Do Bad All By Myself) ٩،٨٧٧ ملیـــۆن دۆلار، كۆی داهـــات ٣٧،٧٤٩ ملیۆن دۆلار بە ٣ هەفتە

٤- ((Love Happens) ٨،٠٥٧ ملیۆن دۆلار، كۆی داهات ٨،٠٥٧ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٥- ((Jennifer's Body) ٦،٨٦٨ ملیۆن دۆلار، كۆی داهات ٦،٨٦٨ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە

٦- (٩) ٥،٥٦٣ ملیۆن دۆلار، كۆی داهات ٢٢،٩١٨ ملیۆن دۆلار، بە٢ هەفتە

٧- (Inglourious Basterds) ٣،٨١٨ ملیـــۆن دۆلار، كۆی داهات ١١٠،١١٦ ملیۆن دۆلار، بە ٥ هەفتە


٨- ((All About Steve) ٣،٣٧٣ ملیـــۆن دۆلار، كـــۆی داهـــات ٢٦،٦٥١ملیۆن دۆلار، بە٣ هەفتە

٩- (Sorority Row) ٢،٤٩٩) ملیـــۆن دۆلار، كۆی داهات ٨،٨٨٠ ملیۆن دۆلار، بە٢ هەفتە


١٠- (Julie & Julia) ٣،١٥٦) ملیۆن دۆلار، كۆی داهات ٨٥،٢١٦ ملیۆن دۆلار، بە ٦ هەفتە.










ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی

### خانمە هونەرمەند رۆژان بۆ گوڵان :

# پێویستە ڕواڵەتە تازەکانی مۆسیقای کوردی بەرهەم بهێنن



**رۆژان بە ستایلێکی تایبەت گۆرانی دەڵێ و خاوەن دەنگێکی رەسەنە، لە شاری سنە لە خێزانێکی رۆشنبیر و هونەر دۆست لەدایکبووە، گۆرانی و مۆسیقای کوردی زۆر کاریگەری بەسەرییەوە هەبوو و هەر زوو رووی لەم بوارە کرد و عەشقی گۆرانی لە دڵیدا چەکەری کرد، لەگەڵ خانەوادەکەی ناچاربوون روو لە شاری کرمانشا بکەن و هەر لەوێش خوێندنی تەواو کرد و لە هونەری کوردی شارەزایی پەیدا کرد لە مۆسیقای سوننەتی فارسی و زیاتر ئاوێتەی ئەم جۆرە مۆسیقا کۆنەی ئێرانی بوو، دواتر رێنوێنی و وانەی مۆسیقای لەسەر دەستی تەحاموریس و پیر نەزەر و زولفنون جەلال و دوو ئەلبومی دەرکرد بە ناوی (دلشودێ و کوردستان).**

**رۆژان لە گۆرانییەکانیدا زیاتر ئاماژە بە ناوی چیاکانی وەك (ئابیدەر و بێستون و ئۆرمان و تاقێ بوستان دەکات، ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە و دایکی دوو منداڵە بە ناوەکانی فەریار و تینا،رۆژان نموونەی ئافرەتێکی هونەرمەندە کە هەوڵ دەدات دەنگی کورد و کلتوورە رەسەنەکەی بە جیهان بگەیەنێت لە هەمان کاتدا دەنگی ئافرەتی کوردیش بەرز بکاتەوە، بۆیە لە پەیوەندییەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** تۆ شارەزاییت لە هونەری کوردی و فارسیدا هەیە، ئایا چ تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە نێوان گۆرانی و مۆسیقای کوردی و فارسیدا هەیە؟**

- مۆسیقای کوردی لە بواری پێوەندی کەلتور لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران و بوونی (ستایل) و شێوە کۆنەکانی مۆسیقای ئێرانی هاوشێوە و لێکچوونێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە گۆرانی (قەتاری) لە دەستگای هومایون بە کاردەهێنرێ. یان گۆرانییەکانی (حەیران) لە دەستگای هەست دەکرێ کە لێی نزیکە، هەروەها زۆربەی پسپۆران ئەڵێن کە گۆرانی (هۆرە) لە ستایلی ئەهورامەزدایا.

*** تۆ لە کام هونەردا ( فارسی و کوردی) زیاتر خۆت سەرکەوتوو دەبینییەوە؟**

- لە لای من دەربڕینی رۆحی مۆسیقایی خۆم گرنگە، کە کاتێک بە شێوەی مۆسیقای فارسی خۆی ئەنوێنێ و کاتێک بە کوردی، کە زۆربەی پێوەندییەکانم بەم مۆسیقیەوە هەیە.

*** شاری سنە هەمیشە بە دەرکەوتنی هونەرمەندانی گەورە ناسراوە، پێت وایە نهێنی ئەمە لە چیدا بێت؟**

- یەکێك لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نێوەندی ئەم شارە بۆ هەرێمی کوردستانی ئێران،واتە کەوتووەتە ناوەراستی کوردستانی رۆژهەڵات زۆر لە حاکمان و دەسەڵاتدارنی کورد لەم شارە ژیاون، و ئامێرژەن و مۆسیقاکارانی کورد لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانی کراون، هەروەها عیرفان لە مۆسیقای کوردیدا بە تایبەتی لە شاری سنە رەگو ڕیشەی کۆنی هەیە. هەروەها لە بواری ئامێرەکانی مۆسیقاوە ئامێرگەلێک وەکو (دەف) لە خانەقاکانی شاردا هۆی سەرەتاییان گێڕاوە، یا ئاوازی (سیاچەمانە) نە تەنیا لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، وەکو شاری مەریوان و هەورامان، لە ناوچەی رۆژئاوای شاری سنەشدا بە کار هێنراوە.

*** بەر لە چەند ساڵێك سەردانی کوردستانت کردن، ئایا هیچ تێبینییەکت لە لا دروست بووە و چۆن هونەری کوردی هەڵدەسەنگێنی؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆرتر بۆ بەرژەوەندی مۆسیقای کوردیداوە، ئەمەش بەر چاو و دیارە. لەوێ جێگا بۆ دەربڕینی لێ هاتوویی و بە کارهێنانی چالاکییەکانی هونەرمەندانی کورد لە تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە. بە هۆی رەوتی بەرچاوکەوتنێکی رێکخراو لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ هونەرمەندای کورد، داهاتوی هونەر لێرە جوان ئەبینم.

*** ئاستی ئافرەتانی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا؟و ئایا تا چەند زانیاریت هەیە دەربارەی ئەو ئافرەتانەی ئێستا لە مەیدانەکەدان؟**

- هونەرمەندانی ژن لە دەکەی دواییدا هاوکاری و سەرکەوتنی زۆریان لە خویانەوە نیشان داوە. ئێستا بە گوێرەیەکی نزیک هونەرمەندانی ژنی کورد لە زۆربەی گروپ و دەستە هونەرییەکاندا ئەبینین. ئێستا کۆمەڵی کوردەواری تایبەتمەندی بە خۆگرتن و وەرگرتنی زۆرتری بۆ هونەرمەندانی ژن هەیە واتە هاندان و هاوکاری کردنیان زۆرە، بێگومان، ژنان خۆیشیان رۆڵی سەرەکییان لە گەیشتن بەم رادەیەدا بووە.

*** ئایا هیچ تێبینییەکی سلبیت هەیە دەربارەی ئافرەتانی کورد؟**

- لە هەر کۆمەڵگای هونەریدا بایەخگەلی ناڕاستی هەیە، کەسانێکیش هەن لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا بە کاری دێنن، ئێمە بە روانین لەم جۆرە کارە نابوارە هونەریانەدا ئەبێ راستییەکانی خۆمان هەڵسەنگێنین، ئامانجی ئێمە، پیاو یا ژنانی هونەرمەند ئەوەیە کە شارەزایی باشتر لە فەرهەنگی رەسەن و بنیادنانی بوارێکی بەرژەوەند لە رەوتی سەرکەوتویی هونەری کوردیدا بەدەست بێنین.

*** شارەزا بوون لە ئالەتە مۆسیقییە کوردییەکان تا چەند بۆ هونەرمەندی کورد گرنگە؟**

- ئامێری مۆسیقا کەرەستەیەکە کە لەگەڵ هونەرمەند شوێنەوارێکی دوو بەرکێ دروست ناکات، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند رێگەی راستەقینە و نوێ لە بواری خولقاندنی هونەریدا بەدی بکا. لە گەڵ ئامێر دا ئەتوانرێ سەربەستی هونەرمەند لە بەرهەمی کاری

داهاتوی هونەر لێرە جوان ئەبینم

خۆیدا بە رادیەکی بەرفراوانتر بەرز بکرێتەوە. من بۆ خۆم لەگـــەڵ خوێندنم وەختێ دەف لێ دەدەم، دونیایەکـــی تر لە بـــەر چاوما ئەبینم.

*** تۆ لـــە ئەمەریکا ژیان بەســـەر دەبەی کە جۆرەها مۆسیقای تێدایە، ئایا گەلی ئەمریکی پەیوەستە بە هونەری فۆلکلۆر و کۆنی خۆیان یان لەبیریان کردووە و هۆکارەکانی چین؟**

- مۆســـیقا لە ئەمریکادا رەوتێکی توند و بەربـــڵاوی هەیە. لەم وڵاتە چەند جۆرەکی، و سروشتی رەگەزی و نەتەوایەتی لە فەرهەنگی مۆســـیقادا رۆڵی فراوانی هەیە. مۆســـیقای فۆلکلـــۆر هەروەکـــو مۆســـیقاکانی دیکە دەستەیەکی تایبەت لە خەڵک لە خۆ ئەگرێ. لە پاڵ پێوەندی مۆسیقای فۆلکلۆر بە ناوچە جیاوازەکانی خۆی، وەکو باشووری ئەمەریکا، لەبەشەکانی ناوشاریشـــدا لایەنگرانی تایبەت بە خۆی لە پاڵ شـــێوە مۆسیقاکانی دیکەدا هەیە.

*** تۆ وەك هونەرمەندێك دەتوانی بەراوردی نێوان هونەری کوردی بکـــەی لە پارچەکانی کوردستان؟**

- مۆســـیقای کوردی لە ئێراندا بەرانبەر بە وڵاتانی تورکیا و عێراق کەمتر گوشـــاری لە سەر بووە، لە ئاکامدا بوونی خۆی بە گوێرەی رێناســـێک بۆ ناسینی مۆســـیقای رەسەنی کوردی پاراســـتووە. لە تورکیادا مۆســـیقای کوردی بە بۆنەی سیاسەتی یاسایی و توانەوی نەتەوەیی، بە مۆسیقای تورکی لە زمان دراوە. بەڵام ریشەی رەســـەنی مۆسیقای کوردی لە کوردستانی تورکیادا ناتوانرێ لە ناو ببرێ یا تاڵان بکرێ، لە عێراقیشدا دوای بەش کردنی کوردســـتانی گەورە و پێـــک هێنانی وڵاتی عێـــراق، عەرەبی کردنی مۆســـیقای کوردی هەمیشـــە سیاسەتێکی ســـەرەکی بۆ حاکمان بووە. بەڵام مۆســـیقای کـــوردی لە ئێراندا بە بۆنەی ریشەیەکی زۆری مێژوویی کە لەگەڵ گەلانـــی دیکەدا هەیـــە، وەرگرتنی لە لایەن حکومەتەکانەوە ئاســـانتر بـــووە. بە زمانێکی دیکە، مۆســـیقای کوردی لەگەڵ مۆسیقای ئێرانی شـــێوە خزمایەتییان هەیە، بەڵام لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئەم شتە ناگونجێ.

*** تۆ بە ستایلێکی تایبەت گۆرانی دەڵێی کە جیاوازە لەگەڵ ئەو گۆرانیانەی ئێستا زۆرێك لە هونەرمەنـــدان دەیڵێن لە هەمان کاتدا رەنگە جەماوەرەکەشیان جیاواز بێت، ئایا ئەم جیاوازییە زیان بە هونەری کوردی ناگەیەنێت؟**

- دەربڕین و خولقاندی جۆرەکانی رەســـەنی هونەری دەستوورێکی پێویست بۆ پێشکەوتنی هونەرمەندە، لـــە کارەکانی خۆمدا هەوڵم داوە ئەم رەسەنایەتییە بپارێزم و لێی لانەدەم.

*** ئێوەی هونەرمەند چۆن دەتوانن بەشداری بکەن لە بوژاندنەوەی هونەری رەسەنی کوردی و چەسپاندنی لە هزری جەماوەری کوردیدا؟**

- ئێمـــە هونەرمەندای کـــورد ئەبێ هەوڵ بدەیـــن خولقاندن لە بەرهەمـــە هونەرییەکاندا گرنگییەکـــی زۆری پـــێ بدەیـــن و رێنوێنی لـــێ بکەین، بـــە جۆرێك کە بتوانیـــن بابەتە رەســـەنەکان لە مۆســـیقای کوردیدا بە دی بێنین. بەم ئامانجە کە رەسەنایەتی بپارێزین و شێوەکارەکان و خولقاندن زۆرتر بکەین، دەتوانین مۆسیقای کوردی بە خەڵکانی زۆرتر پێشکەش کەین. لە ئەنجامدا نەتەوەکانی داهاتوو ئەتوانن رێگەیەکی پڕسەمەرتر لە پاراستنی مۆسیقای کوردیدا شوێن بگرن و پەیڕەوی لێ بکەن.

*** ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە هونـــەری کـــوردی بەردەوامە، بەڵام حاڵـــی حازر جۆرە بێسەرووبەرییەکی پێوە دیارە، چارەسەر چییە بۆ ئەوەی جارێکی تر ببوژێتەوە؟**

- قەیرانـــی سیاســـی و لافـــاوی قاودانی فەرهەنگـــی لە لایـــەن وڵاتانـــی ناوچەکەوە شوێنەوارێکی ئاشکرای لە مۆسیقی کوردی جێهێشـــتووە. ئەمە ئەرکی ئێمە هونەرمەندانە کـــە لە کاری خۆماندا هـــەوڵ بدەین ڕواڵەتە تازەکانی مۆســـیقای کوردی بەرهەم بهێنین تا کەمییەکانمان کە لە نەبوونی سەرکەوتنی راســـتەقینەی هونەری کوردی بوە پڕ بکەین.

*** حکومـــەت چـــۆن دەتوانێت هـــاوکاری و پاڵپشتی هونەر و هونەرمەندان بێت؟**

- بـــەو بۆنەوە کـــە دەوڵەتی کوردســـتان دەسەڵاتی سیاسی لە دەستدایە، ئەتوانێ لایەنە جۆراوجۆرەکانـــی ســـەرکەوتنی هونەری بە شـــێوەیەکی رێکخراو هان بدا و بەر دەستووری کاری دانـــێ. واتـــە پشـــتیوانی زۆرتـــر لە هونەرمەندان و رێکخـــراوە لێکۆڵینەوەکان بکا تا پێناســـەکانی شـــێوەکاری هونەری رەسەن بۆ کۆمەڵگا دروســـت بـــکا. هەروەها بەرەی فێرکاری مۆســـیقا بۆ منـــاڵان بەر چاو بخا.

*** کۆمپانیای هونەری و کەرتی تایبەت چۆن دەتوانن هاوکاری هونەرمەندان بکەن، بۆ ئەوەی هونـــەری کوردیش وەك هونەری وڵاتانی دیکە بچێتە پێشەوە؟**

- ســـەرمایە دانان لە مۆســـیقای کوردیدا یەکێکە لە ئەرکەکانی بەشـــە تایبەتەکان، ئەم بەشـــە دەتوانێ بە دانانی بنکەکانی هونەری و هاوکاری لە گەڵ هونەرمەندان و پســـپۆران یـــەک لا لەگەڵ دەوڵەت، شـــوێنەواری زۆر لە ســـەر کەوتنی مۆســـیقای کوردی دانێت.

*** دەبینیـــن لە زۆربەی وڵاتـــان هونەرمەندان دەگەڕێنەوە بۆ سەر فۆلکلۆرو هونەری رەسەنی خۆیـــان، بۆچی لـــە کوردســـتان دیاردەیەکی پێچەوانـــەی ئەمە هەیە و زۆر لە هونەرمەندان ئەمەیان پشتگوێ خستووە؟**

- چونکـــە کوردەکان بـــە ماوەیەکی زۆر خاوەنـــی سەربەســـتی فەرهەنگـــی نەبوون، مۆســـیقای بێگانـــە دوابـــەدوا لە ســـەرمان داســـەپێنراوە. ئەمەش هەروەها کە وتم سەرنج دانـــان بۆ مۆســـیقای کوردی کـــەم رەنگ کردۆتەوە. وڵاتانی دیکە لە بازنەی دەسەڵاتی رێک کەوتویی خۆیانـــدا هەلی زۆریان هەیە تا چاو پێکەوتنێکی دووبارەیان بۆ مۆســـیقای خۆیان بەرکار بخەن.

*** پێـــت وایە گروپە مۆســـیقییەکانی وەك عەندەلیبەکان و کامگاران و چەندانی دیکەی لەو شـــێوەیە چییان پێشـــکەش کردووە بۆ بەرز راگرتنی هونەری رەسەنی کوردی؟**

- ئەوان توانییان دەرفەتێک بۆ گەلانی دیکە دروست بکەن تا بە مۆسیقای کوردی ئێرانی زۆرتر ئاشنا بن. شوێنەواری ئەم هونەرمەندانە لە سەرکەوتنی مۆسیقای کوردیدا ناتوانێ لا بخرێ.

*** چیت ماوە بیڵێی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان؟**

-بە ئومێدی ئەوە کە بەڵکو رۆژێک هەموو گەلێک بتوانێ رەنگ و رووی جیاوازی خۆی لە مۆســـیقی و فەرهانگیانـــدا دابمەزرێنێ، هەروەها رەسەنایەتی کە نیشانەی شانازی هەر گەلێکە بپارێزرێت و مۆسیقای کوردی بتوانێ جێگەی فەرهەنگی تایبەتی خۆی لە دونیادا بکاتەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆرتر بۆ بەرژەوەندی مۆسیقای کوردیداوە**

**ریشەی رەسەنی مۆسیقای کوردی لە کوردستانی تورکیادا ناتوانرێ لە ناو ببرێ یا تاڵان بکرێ**








# بۆلیۆد جیهانێک لە جوانی و رۆمانسیەت





بێگومان سینەمای هیندی یاخود بۆلیۆد جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هۆڵیۆد لە زۆر رووەوە، چونکە ئەوەی لە بۆڵیۆد دەبینرێ بەهیچ شێوەیەك لە هیچ سینەمایەکی دیکە نابینرێ و بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی عەقڵ تەقەبولی زۆر شت بکات پێویستە مرونەتێکی زۆری تێدا بێت تەنانەت ئەگەر ئەو شتانەی دەیانبینی لە دەرەوەی عەقڵیش بن، لێرەدا چەند خاڵێك هەیە پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێ:

* رەنگ . رەنگ..رەنگ: هیچ رەنگێك نییە لە جیهان کە لە سینەمای هیندیدا نەبینرابێت لە رەنگی گوڵ و دیکۆر و باکگراوەند تا دەگاتە جلوبەرك و ئیکسسوارات تەنانەت هەست دەکرێ مۆسیقای فیلمە هیندییەکانیش رەنگاو رەنگە و بەبێ بیرکردنەوە هەموو رەنگەکانیش لەگەڵ یەکتری گونجاون.


* هەموویان سەما دەکەن: ئەگەر ئاهەنگێکی ئایینی یان ژنهێنان یان میهرەجانێك لە چیرۆکی فیلمەکەدا هەبێت یان تەنانەت ئەگەر ئەمانە بوونیشیان نەبێت، ئەوا ل فیلمە هیندییەکاندا چاوت بە کۆمەڵە سەماکارێك دەکەوێت بە جلوبەرگی رەنگاورەنگەوە خەریکی سەما کردنن بە پەڕی شارەزایی و جوانییەوە.

* گۆرانی رۆمانسی:ئەگەر لە فیلمێکی هیندیدا هەر جۆرە دیمەنێکی رۆمانسی هەبێت جا دیمەنەکە لە نزیك نافورەیەکی ئاو بێت یان لەسەر شەقام و رێگا بێ، یان لەسەر چیا و ناو باخچەیەکی سەوز یان لە کاتی راکردن و لەسەر پارچە قوماشێکی حەریر بێت ئەوا گۆرانی رۆمانسی بوونی هەیە ئەگەر هێشتا دوو عاشقەکە یەکتریان نەناسی بێت و بەشەرمەوە سەیری یەکتر بکەن و رازی دڵی خۆیان بۆ یەکتریش نەدرکاندبێت.

* خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە: لە ئاهەنگێکی قەرەباڵغ یان گۆڕەپانێکی گشتی یان کۆبوونەوەیەك بێت ئەوا هەمیشە چاوەکان بە یەکتر دەکەون و هەردوو خۆشەویستەکە هەست بەوە دەکەن کە ئەمە خۆشەویستییە، دوای ئەم خۆشەویستییەش یەکسەر گرفتەکان دەست پێدەکەن سەرەتا لە باوکی کچەکەوە کە هەمیشە سەردەستەی پیاو خراپ و جەردەکانە یان دەوڵەمەندە و کوڕەکەش هەژارە یان جیاوازییان هەیە لە ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕی سیاسی، بەڵام لە زۆربەی فیلمەکاندا دوای ئەوەی چەند شەڕو شۆڕ روودەدات و چەند کەسێکیش دەبنە قوربانی باوکی کچەکە رازی دەبێت و لە هەڵەکانی پەشیمان دەبێتەوە و فیلمەکە بە خۆشی کۆتایی دێت.

* دیمەنی ئیغرا قەدەغەیە: لە فیلمە هندییەکاندا رێگا بە ماچی گەرم و سەرنجڕاکێش نادرێ – هەرچەندە بەم دواییە دەزگای چاودێری چاوپۆشی لە هەندێك دیمەن دەکات- بەڵام لە بەرامبەردا جۆرێکی دیکە لە ئیغرا و سەرنجڕاکیشان هەیە لە گۆرانییە رۆمانسیەکاندا کە قەرەبووی ماچ دەکاتەوە و زۆر جار ئەوەی هیندییەکان بە جلوبەرگی ئاساییەوە پێشکەشی دەکەن سەرنجڕاکێش و ورووژێنەرترە لەوەی لە هۆڵیۆد پێشکەش دەکرێ و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەکتەرەکانی بۆڵیۆد لە ئەکتەرەکانی هۆڵیۆد سەرنجڕاکێشترن بە جلوبەرگی رەسمی خۆیانەوە.

* میلۆدراما و زیادەڕۆیی: ئەگەر تۆ لەو کەسانە بی کە حەز لە زیادەڕۆیی بکەی لە سینەما ئەوا دەبی بە عاشقی سینەمای هیندی، چونکە وشەی (معقول) لە فەرهەنگی پیشەسازی سینەمای هیندیدا بوونی نییە، لە پاڵەوانی فیلمەکەوە کە بە تەنیا و بەبێ ئەوەی چەکدار بێت دەکەوێتە گیانی بیست تا سی کەسی چەکدار لە پێناو خۆشەویستەکەی لەگەڵ ئەنجامدانی چەند دیمەن و جوڵەی سەیر و سەمەرە و تەقڵە لێدان و تێهەڵدان و تاد... ئەو کاتە وا بیر دەکەیتەوە کە تەنیا ئەم شتێکی راستە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سینەمای هیندی تاموچێژی تایبەت و بە ملیۆنەها بینەر و هەواداری هەیە لەسەرتاسەری جیهان.





## باسكال مەشعەلانی بۆ گوڵان:

# پەنا بە خوا جەژنی قوربان لە هەولێرم

**ماوەیەك بەر لە ئێستا لە چەند گۆڤار و ماڵپەڕێكی عێراق و عەرەبی و كوردیش هەواڵی ئەوە بڵاوكرایەوە گوایە كچە هونەرمەندی لوبنانی باسكال مەشعەلانی زۆر حەز دەكات سەردانی عێراق بكات و لە نزیكەوە شاری بەغدا ببینێ، بەڵام لەبەر نالەباری بارودۆخی ئەمنی و نەبوونی سەقامگیری لە ناوچەكانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ئەوا سەردانی شاری هەولێر دەكات بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەولێر چاوی بە جەماوەری خۆی بكەوێت و چەند ئاهەنگێكیش لە شاری هەولێر ساز بكات.**

**بۆ پتر بەدواداچوونی ئەم بابەتە گوڵان بە پێویستی زانی پەیوەندی بە كچە هونەرمەندی لوبنانی باسكال مەشعەلانییەوە بكات، سەرەتا تۆزێك پەیوەندییەكە ئەستەم بوو، بەڵام دواتر لە ڕێگای نووسینگەی تایبەتی خۆیەوە توانیمان پەیوەندی پێوە بكەین و چەند پرسیارێكمان ئاراستەی كرد كە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**سەرەتا دەربارەی ئەو لایەنەی كە بە داوەت كردنی هەستاون بۆ ئەوەی سەردانی عێراق بكات باسكال گوتی: هاتنەكەم بۆ عێراق لەسەر داوەتی ژمارەیەك لە ڕێكخەرانی ئاهەنگەكانە.**

***ئایا هاتنی تۆ بۆ كوردستان كەی دەبێت؟**

- پەنا بە خوا ئەگەر هیچ ڕووداو یان پێشهاتێك نەیەتە ئاراوە من جەژنی قوربانی پیرۆز لە هەولێر دەبم.

*** تۆ شاری هەولێرت هەڵبژارد و بۆ چی هەولێر؟**

- بەڵێ من ئەو شارەم هەڵبژارد، چونكە ئەوانەی داوایان لێكردووم بێمە عێراق هەموویان لە شاری هەولێرن، هەروەها ئەوەشیان پێ گوتوم كە بارودۆخی شاری هەولێر زۆر ئارام و سەقامگیرە بە پێچەوانەی ناوچەكانی دیكەی عێراق.

*** ئەگەر پرۆژەكە سەركەوت چی پێشكەش دەكەی؟**

بەشێكی زۆر لەگۆرانییە كۆن و نوێیەكانم پێشكەش دەكەم، چونكە ئەمە دەبێتە جاری یەكەم كە جەماوەری عێراقی لە نزیكەوە دەبینم لەسەر خاكی عێراق.

*** جگە لە گۆرانی هیچ پرۆژەی خێرخوازیت نییە لەو سەردانەدا پێشكەشی بكەی؟**

- تا ئێستا هیچ پرۆژەیەكی لەو جۆرە نییە، بەڵام ئەگەر داوام لێبكرێت ئەوا بێ دوودڵی لێی دوا ناكەوم.

*** تۆ باس لەوە دەكەی كە شاری بەغدات زۆر خۆش دەوێ هۆكاری ئەم خۆشەویستییەی تۆ بۆ بەغدا چییە لەو كاتەی تا ئێستا نەتبینیوە؟**

- ڕاستە بەغدام زۆر خۆش دەوێ بێ ئەوەی بیبینم، بەڵام زۆر شتم دەربارەی ئەو شارە گوێ لێ بووە، چونكە شارێكی جوان و شارستانییە و پڕە لە كلتور و فەرهەنگ، هەروەها خاوەن مۆسیقایەكی خۆش و بەناوبانگە، هیوادام ئاشتی و ئارامی سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە.

***كار و پرۆژەی نوێت چییە؟**

- بەم دواییە ئەلبوومی (بحبك انا بحبك)م بڵاوكردەوە و گۆرانییەكەش سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێنا، دواتر گۆرانییەكەم بە شێوەی ڤیدیۆ كلیپ بەسەرپەرشتی دەرهێنەر لەیال ڕاجح تۆمار كرد.

***چیت هەیە بە جەماوەری خۆی بڵێی لە كوردستان؟**

- هیوای جەژنێكی خۆش و ئاشتی سەركەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم دەخوازم پەنا بە خوا لە كاتێكی نزیكدا یەكتر دەبینین، و زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان و سڵاوم هەیە بۆ خوێنەرانی.